## هەڵکەوتی دیرێکی لە کوردستان

لە ئاڵقەی ١٢٤ و ١٢٥ ی ئەم زنجیرە وتارە دا باسی نەمر حوسێن حوزنی موکریانی کراوە. حوزنی پێشرەوی مێژوو نووسینی کوردستانە و دوای شەرەفخانی بیتلیسی دەبێ بە باوکی مێژوو نووسینی کوردستان دابنرێت.

کتێبی جێگەی باسی ئێستا کۆمەڵەی هەندێک وتار هەواڵن سەبارەت بە کۆماری کوردستان (١٩٤٦) و شۆڕشی بارزانییەکان، هاتنیان بۆ ئێران، گەڕانەوەی بەشێک بۆ عیراق و پەڕینەوەی قارەمانانەی بەشێکی تریان بۆ دیوی سۆڤیەت.

هەواڵەکانی بەشی ١ و ٢ ی کتێبەکە کە بە گشتی لەسەر چاوەی بیانی، وەک رۆیترز، یا رادیۆی بی بی سی و گۆڤارە عەرەبییەکان وەرگێران و رووداوەکانی ئەو سەردەمەیان بەشێوەی رۆژانە باس کردوە. بەشی سێهەم بە گشتی هەڵسەنگاندنەکانی خۆیەتی لەمەڕ شۆڕشی بارزان. بەڵام میحوەری گشتی باسەکان شۆڕشی بارزانە.

ئەوەی لە کتێبەکەدا بۆکان بگرێتەوە کەم نین، هەواڵی ئەو رووداوانەی وا لە موکریان و لە مەهاباد رابردوون و ئاشکرایە بۆکانیش دەگرنەوە. بەڵام هەواڵی تایبەت بە بۆکان و ئاغا و سەرۆک هۆزی بۆکانی، هەروەها ئیعدام و لێدانی رێبەران و ئازادیخوازانی کوردیش لە چەند لاپەڕە دا رەنگیان داوەتەوە :

لاپەڕە ٤١ :*"ناوی ئەو ئاغاوانە کوردەی وا دوابەدوای هەرەسی کۆمار بانگ کرانە تاران و بۆ ئەو یارمەتییەی کە ئاراستەی حکوومەت و سوپای ئێرانیان کردبوو، میوانداری کران و چاویان بە شاش کەوت، لە ناویاندا مەحموود ئاغای ئیلخانی و عەبدوڵڵا ئاغای ئیلخانی زادە، سمایل ئاغای عەباسی (سەرا) و هەروەها ئاغاواتی گەورک و شێخ ئاغایی دەبینرێن."* [سەمەرە ئەوەیە مەلا خەلیلی گۆڕەمەڕی دژکاری رەزا شا لە ناو هەمان ئەو کەسانەدا دەبینرێت کە چۆتە پابۆسی شا!] (کوردستانی ژمارە ٨١).

لاپەڕە ٤٣ :*" عەشیرەتی قادری [؟] کە هەواخوا(لایەنگر)ی کوردستانی ئازاد بوو، رونەساکانی گیران و دران بە مەحکەمەی عەسکەری حکوومەتی تاران، لە شاری بۆکان محاکمە کران. کوردەکانی فەیزوڵڵابەگی لاگیری حکوومەتی جەمهووری کوردستانی ئازاد بوون و درانە مەحکەمەی عورفی عەسکەری و مەحکووم کران."*

لاپەڕە ٤٣ :*" ... چەند ئاواییەکی کوردەکان تاڵان کران. فەرماندەی تاران لە سنووری سەقز دا وای بڵاو کردەوە کە چەند کەسێکی کوردی مەحکووم لە سەقز و جێگایانی دیکە بە دارکران و خنکاندیانن."* [ئاماژە بە ١١ شۆڕشگێڕی کورد کە لە سەقز لە داری بێداد دران].

لاپەڕە ٤٧ :*"رەئیسەکانی کوردی مەهاباد و سەقز و بانە و مەریوان [و دیارە بۆکانیش]، کە هاتبوونە تاران، بە رێز و حورمەتەوە نەوازشت کران و خاوەند شکۆ شاهەنشا بە دەستی خۆی خەڵاتی پێدان و نەوازشتی کردن ... ئەو سەرانی ئێلات و عەشایری کوردان بە ئیمەڕا هاودەردی و هاوزەحمەتیان کرد لە کاتی ئاشوب پەرستەکانی ماجەراجۆیانی ... "*

لاپەڕە ٥٦ : *جەنگ لە کوردستانی ئێراندا هێشتا هەیە... حکوومەتی تاران ئەمە بوو بە چەند هەفتەیێ زۆر بە گەرمی لەگەڵ کوردەکانی بارزانی لە نێوان سێ شاری میاندواو و مەهاباد و ورمێدا، شەڕیانە.*

د. کوردستان موکریانی، پێشەکیەکی زۆر کەم و ناتەواوی بۆ کتێبەکە نووسیوە.

حوسێن حوزنی موکریانی، "هەڵکەوتی دیرێکی لە کوردستاندا"، پێشەکی : د. کوردستان موکریانی، دەزگای ئاراس، هەولێر، ١٩٩٩، ٩٦ لاپەڕە، کوردی.